PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

**PAY**

# را پۆرتی پـــڕۆژەی چاودێریکردنی
# پـەرلەمانـی کـــوردستان

**راپۆرتی یەکەم**

**خولی چوارەمی پەرلەمان- خولی گرێدانی ساڵی یەکەم**

**٦/ ١١/ ٢٠١٣ - ٦/ ١١/ ٢٠١٤**

# پێشەکی

ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان **PAY** ڕێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی سالی ٢٠١٣ەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە، یەکی لە کارەکانی چاودێری کردنی ئەدای کاری دام و دەزگا گشتیەکانە، لە چوارچێوەی ئەم کارەی دا یەکێ لەو دەزگایانەی کە چاودێری دەکات پەرلەمانی کوردستانە. هەر لە دووای هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی بە ئەنجامدانی ئەم کارەی کردووە، بە نوسراوی فەرمیش داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەو بەڕێزیشیان ڕەزامەندیان دەربڕیوە لەسەر ئەنجامدانی کارەکەو بەڵێنی هاوکاریکردنی مەعنەوی و کارئاسانیان بۆ کردووین.

ئەم کاری چاودێریکردنە لەلایەن ئەنیستتیۆکەمانەوە ئەنجامدراوە کە لەماوەی خولی گرێدانی سالی یەکەمی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا، زانیاری و داتای پێویست کۆکراوەتەوە بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك چاودێری دانیشتنەکانی پەرلەمان و سایت و نوسراوەکانی پەرلەمان کراوەو و هەر بۆ هەمان مەبەست سەردانی سەرۆکایەتی و لیژنەکانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکانیشمان کردووە.

مەبەستی ئێمە چاودێری کارەکانی پەرلەمانە و خوازیارین ئەم دەزگا نیشتمانییە بە ئەرك و کاری خۆی هەلسێت و لەئاست متمانەی کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا بێت و ڕۆڵی سەرەکی و کارا ببینێت لە چارەسەرکردنی گرفت و قەیرانەکاندا، چونکە بوونی پەرلەمانێکی بەهێز، کە یاسای گونجاو دەربکات و چاودێرێکی وردی دەسەلاتی جێبەجێکردن بێت، هۆکاری سەرەکی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەلگەو بەدامەزراوەیی کردنی دەبێت. پێمانوایە چاودێری کردنی ئێمەو ڕێکخراوەکانی تری کۆمەلگەی مەدەنی، پالپشتێکی بەهێزی سەرکەوتنی پەرلەمان دەبێت.

دەستپێکی سەرکەوتنیشی بەستراوە بە جێبەجێکردی یاسا لەلایەن خودی پەرلەمانەوە، کە خۆی لە پابەند بوونی بە پەیرەوی ناوخۆ و یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ دا دەبینێتەوە کە ئەرك و مەهامەکانی پەرلەمانی تیادا دەستنیشانکراوە.

د.سەروەر عەبدولرەحمان عومەر

سەرۆکی ئەنستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

٢٠١٤/١١/٦

# خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

رۆژی ٢٠١٣/٩/٢١ پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەسیستمی نیمچەکراوە بەرێوەچوو، تیایدا (٣١) لیست بەشداری پرۆسەکەیان کردوو سەرەنجام (١٧) لیست توانیان سەرکەوتن بەدەستبێنن، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنیش وەك کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق رایگەیاندووەو موسادەقەی کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

## لیست و قەوارە سیاسیەکان و کۆی دەنگەکانیان

| ژ.لیست | ناوی قەوارەو لیستەکان | کۆی دەنگەکانی | ژ.کورسی |
|---|---|---|---|
| 110 | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | 743984 | 38 |
| 117 | لیستی گۆران | 476736 | 24 |
| 102 | لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 350500 | 18 |
| 105 | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 186741 | 10 |
| 104 | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | 118574 | 6 |
| 101 | لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | 21834 | 1 |
| 111 | لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، | 12501 | 1 |
| 107 | لیستی ئازادی | 12392 | 1 |
| 115 | لیستی ئاراستەی سێیەم | 8681 | 1 |
| 126 | لیستی رافیدەین | 6145 | 2 |
| 127 | لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | 5730 | 2 |
| 124 | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | 5259 | 2 |
| 121 | لیستی هەولێری تورکمانی | 1951 | 1 |
| 120 | لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | 1926 | 1 |
| 122 | لیستی بەرەی تورکمانی | 1753 | 1 |
| 125 | لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | 1093 | 1 |
| 131 | لیستی ئەرمەن | 531 | 1 |
| | سەرجەم | 1.956.331 | 111 |

## یەکەم کۆبوونەوەی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

بەپێی یاسا دەبوایە بەر لە ٢٠١٣/١١/١، واتە بەر لەوەی خولی سێیەم کۆتایی بێت، پەرلەمانی خولی چوارەم کۆبوونەوەی دەستپێکی ببەستایە، بەلام ئەوەبوو کۆنەبوویەوە تا ٢٠١٣/١١/٦، ئەمەش کارێکی نا یاسایی بوو و لەماوەی ئەم شەش رۆژەدا بۆشاییەکی یاسایی لە هەرێم دروست بووبوو.

یەکەم کۆبوونەوەی دەستپێکی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٣/١١/٦) بەمەبەستی سوێند خواردنی ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان بەسترا، لەم کۆبوونەوەیەدا کە دەبوو بەپێی مادەی (١٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەندامان سوێندی یاسایی بخۆن و هەرلەم کۆبوونەوەیەشدا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرێن،[(١)]

بەلاٌم جگە لە سوێند خواردنی ئەندامان، بڕگەی دووەم ئەنجام نەدرا کە هەلبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتییە.

جگە لەمە پێشێلکارییەکی تری پەیڕەوی ناوخۆ کە کرا ئەوەبوو دانیشتنەکە بۆ ماوەی (پێنج مانگ و بیستو سێ رۆژ) بە کراوەیی هێلرایەوە. کە ئەمەش کارێکی نایاسایی بوو.

یەکێ لە پێشێلکاری و کارە نایاساییەکانی لەم دانیشتنەشدا کراوە ئەوەبوو کە بانگەوازی کۆکردنەوەی ئەندامانی خولی چوارەم بەناوی سەرۆکایەتی خولی پێشووەوە راگەیەنراوەو بلاوکراوەتەوە،(د.ئەرسەلان بایز سەرۆك، حەسەن محمد سورە جێگر، فرسەت ئەحمەد سکرتێر)، ئەمەو لەکاتێکدا ئەو کۆبوونەوەیە رۆژی (٢٠١٣/١١/٦) ئەنجامدرا کە هەفتەیەك بوو نەك هەر سەرۆکایەتی بەلکو پەرلەمانیش بوونی نەمابوو.

---

(١) –مادەی (١٣) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان:

١–سەرۆکی کاتی لەدوای سوێند خواردنی، دەرگای خۆپالاوتن بۆ پێگەکانی دەستە کە بریتین لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر رادەگەینێت.

٢–لەدوای داخستنی دەرگای خۆپالاوتن پرۆسەی هەڵبژاردن بەرێگەی دەنگدانی نهێنی ئەنجام دەدرێت و ئەوەی زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان بەدەست دەهێنێت سەرکەوتوو دەبێت.

ئەمە دەقی ڕاگەیەنراوەکەیە:

**بەرنامەی کاری دانیشتنی کردنەوەی خولی چوارەم (١) ڕۆژی ٢٠١٣/١١/٦**

پشت بەستن بەحوکمی مادده (٤٦ و ٤٧ و ٤٨) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراودا، بەرنامەی کاری دانیشتنی کردنەوەی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق بەم شێوەیە دەبێت:

1. کردنەوەی دانیشتنەکە بەچەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز.
2. یەك دەقیقە بێ دەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق .
3. بانگ کردنی بەتەمەنترین ئەندامی پالێوراوانی سەرکەوتووی خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ سوێند خواردن و بەڕێوەبردنی دانیشتنەکە.
4. سەرۆکی کاتیی دانیشتنی یەکەمی خولی چوارەم پالێوراوانی سەرکەوتووی پەرلەمان بانگ دەکات بۆ سوێند خواردنی یاسایی.
5. سەرۆکی کاتیی دەرگای خۆپاڵاوتن دەکاتەوە بۆ پلەی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان وە بەڕێوەبردنی پڕۆسەی هەڵبژاردن.
6. سەرۆکی کاتیی دوو بچووکترین ئەندامی پەرلەمان بانگ دەکات بۆ ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان.
7. سەرۆکی کاتیی ئەنجامی هەڵبژاردن ڕادەگەیەنێت و داوا دەکات سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان لەشوێنی تایبەت بەدەستەی سەرۆکایەتی دابنیشن. (٢)

| فەرسەت احمد عبداللە | د. حسن محمد سورە | د. أرسلان بایز |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمان | جێگری سەرۆکی پەرلەمان | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان ـ عیراق | کوردستان ـ عیراق | کوردستان ـ عیراق |

(٢) ـ ئەم ڕاگەیەنراوە ئێستاش لەسەر سایتی پەرلەمان لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکاندا هەیە.

## هەلبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

لـە (٢٠١٤/٤/٢٩) پەرلـەمانی کوردسـتان دوای (حـەوت مـانگ و نـۆ رۆژ)لـە هەڵبـژاردنی و دوای (پێنـج مانگ و بیست و سێ رۆژ) لـە سوێندخواردنی ئەنـدامان کۆبـووەوەو دەسـتەی سـەرۆکایەتی هەلبژارد، کە بەم شێوەیە بوو:

١-یوسف محمد سادق – سەرۆك- لە فراکسیۆنی گۆڕان- (٨٤) دەنگ.

٢-جەعفەر ئیمینکی – جێگری سەرۆك- لە فراکسیۆنی پارتی- (٧٩) دەنگ.

٣-فەخرەدین تاهیر – سکرتێر- لە فراکسیۆنی کۆمەڵ- (٧٣) دەنگ.

بـە پێـی مـادەی (٢٤)ی پـەیڕەوی نـاوخۆ لـەدووای هەلبـژاردنی دەسـتەی سـەرۆکایەتی دەبێـت لیژنەیەك بەمەبەستی دروستیی ئەنـدامان پێـك بهێنرێـت،[٣] بـەلام ئـەم لیژنـەیـە پێـك نـەهێنراو ئەمەش پێشێلی پەیرەوی ناوخۆ بوو.

ئەوەی خولی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کـە لە خولی سێدا لەنێو پەرلەماندا ئۆپۆزیسیۆن هەبوو کە خۆی لە لیستەکانی (گۆڕان و یـەکگرتوو و کۆمەل)دا دەبینیەوە کە (٣٥) ئەندامیان هەبوو، بەلام لە خولی چـواردا هـیچ لایـەنێکی ئۆپۆزسـیۆن نیـە. هـەر هـەموویان شـەریکن لـە دەسـەلات و ئەمـەش یـەکێك لـەو هۆکارانەیـە هـەروەك چاوەڕواندەکرا پەرلەمان ئەو گەرموگوڕی و چالاکی و ئەکتیڤبوونەی نەبێت.

هەرلە یەکەمین دانیشتنەکانی پەرلەمانیشەوە، جۆرێك لـە بەریەککەوتن و گـرژی لـە نێـوان لیستی یەکێتی، لەگەل لیستەکانی گۆڕان و پارتی دەبینرا، ئـەم گرژییـەش بـە هـەموو حاڵەتـەکانی خۆیـەوە تـا ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە، بەرچـاوترینی حاڵەتـەکانی ئـەم گرژییـەش لەسـەرەتای هەلبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلـەمان و دواتـریش ناونـانی سـەرۆك و جێگـری سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیران لە کابینەی هەشتەمدا ئەوەبوو هەریەکەیان دەنگیان نەدا بە کاندیدەکانی یەکتری.

---

(٣) – برگەی (٢) لە مادەی (٢٤) لـە پـەیرەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان: ٢–لـە دووەم دانیشـتنی یەکـەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان و بـە رێگـەی هەلبـژاردن لیژنەیـەکی کـاتی بـەناوی (لیژنـەی تێـروانین لـە دروسـتی ئەنـدامێتی) پێکدەهێنرێت لـە ژمارەیـەك نابێـت لـە پێـنج ئەنـدام کـەمتر بێـت بەمـەرجێك نابێـت ئـەو کەسـانەی تانـە لـە دروسـتی ئەندامێتیان دراوە ببنە ئەندامی ئەو لیژنەیە.

## پێکهێنانی لیژنەکان لەخولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

**یەکەم: لیژنە هەمیشەییەکان:**

**پەرلەمانی کوردستان لە (٢٢) لیژنەی جیاجیا پێکهاتووە، کە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٣٧) باسی پێکهێنانی لیژنەکان دەکات و پەرلەمانتار بەپێی ئارەزووی خۆی و پسپۆڕییەکەی بەشداری ئەم لیژنانە دەکات. هەر لیژنەیەکیش نابێت لە (٥) ئەندام کەمتر پێکهاتبێت و لە (١١) ئەندامیش زیاتر بێت، کاری ئەم لیژنانە بەدواداچوونە بۆ پرۆژە و کارەکانی حکومەت و چوونە ناو خەڵکی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشەکانیان.[٤]**

**لە خولی سێیەمی پەرلەماندا ژمارەی لیژنەکان بریتی بوو لە ١٩ لیژنە، بەڵام لە (خولی چوارەم)دا ئەو مادەیە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەموارکراو[٥] ژمارەی لیژنەکانی بەرزکردەوە بۆ (٢٢) لیژنە، ئەویش بە زیادکردنی سێ لیژنەی تر:**

1. **لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان.**
2. **لیژنەی مافەکانی مرۆڤ.**
3. **لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید.**
4. **لیژنەی کاروباری کۆمەڵەی مەدەنی.**
5. **لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت).**
6. **لیژنەی وەرزش و لاوان.**
7. **لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی.**
8. **لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.**

---

(٤) – بەپێی بڕیاری ژمارە (٤)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٥/٧ دەرچووە ، لیژنەکان پێکهێنران و ئەندامانی دەستنیشانکران کە لە (١٨)لیژنە پێکهاتبوو. پێشتریش بەپێی بڕیاری ژمارە (٢)ی پەرلەمان کە لە ٢٠١٤/٥/٤دەرچووە لیژنەی یاسایی پێکهێنرابوو.

(٥) – بەپێی بڕیاری ژمارە (٩)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٦/١٦ دەرچووە ، هەر سێ لیژنەی (لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، لیژنەی کاروباری پەرلەمان، لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی) زیادکران.

٩. لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن.

١٠. لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان.

١١. لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر.

١٢. لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە.

١٣. لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت.

١٤. لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.

١٥. لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش.

١٦. لیژنەی کاروباری یاسایی.

١٧. لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا.

١٨. لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

١٩. لیژنەی ئاوەدانکردنەوە.

٢٠. لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. (لیژنەی زیادکراو لە خولی چوار).

٢١. لیژنەی کاروباری پەرلەمان. (لیژنەی زیادکراو لە خولی چوار).

٢٢. لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی. (لیژنەی زیادکراو لە خولی چوار).

بەپێی ژمارەی ئەندامان لە لیژنەکاندا و بەپێی ئەو بڕیارانەی دەرچوون لە پەرلەمان سەبارەت بە ئەندامانی لیژنەکان، سەرجەمی دەکاتە (٢٥٠) ئەندامی لیژنە، ئەگەر بێت و هەر ئەندامێك لە دوو لیژنەدا ئەندام بێت دەبێت بکاتە (٢١٦)، چونکە ژمارەی ئەندامان (١١١) ئەندامە و (٣) ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی لێدەربکەی (١٠٨) دەمێنێتەوە، جارانی (٢)ی بکەی دەکاتە (٢١٦)، واتە لێرەدا ژمارەی ئەندامان لەنێو لیژنەکاندا ناگونجێت و لەگەل پەیرەوی ناوخۆدا ژمارەکەدا وێك نایەتەوە. هەرچەندە هەموو ئەندامان لە دوو لیژنەدا ئەندام نین.

بەپێی ئەو بڕیارانەی لە پەرلەمان دەرچوون سەبارەت بە دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا،[٦] (جگە لە دەستەی سەرۆکایەتی کە سێ کەسن)، بەم جۆرەیە:

(٦) –ئەو بڕیارانەش بریتین لە:

١–بڕیاری ژمارە (٢)ی پەرلەمان کە لە ٢٠١٤/٥/٤سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی یاسایی.

**١-ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە هیچ لیژنەیەکدا ناویان نەهاتووە، (١) ئەندام.**

**٢-ژمارەی ئەو ئەندامانەی تەنها لە یەك لیژنەدا ناویان نەهاتووە ، (٧) ئەندام.**

**٣-ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە دوو لیژنەدا ناویان نەهاتووە ، (٦٢) ئەندام.**

**٤- ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە سێ لیژنەدا ناویان نەهاتووە ، (٣٤) ئەندام.**

**٥- ژمارەی ئەو ئەندامانەی لە چوار لیژنەدا ناویان نەهاتووە ، (٤) ئەندام.**

**ئەمەش پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆیەو بێسەروبەری لیژنەکان و بڕیارەکانی تایبەت بە دانانی ئەندامان دەگەیەنێت، لەوە دەچێت هەندێك لەو ئەندامانە دەستیان لە هەندێك لیژنە کێشابێتەوە، بەلام هیچ فەرمانێکی دەستلەکارکێشانەوەیان بۆ دەرنەچووەو ناوەکانیشیان تا ئێستاش لە لیستی فەرمیی لیژنەکاندا ماوە.**

---

٢-بڕیاری ژمارە (٤)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٤/٧ دەرچووە ، سەبارەت بە پێکهێنانی (١٨) لیژنە. (لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان، لیژنەی ماف مرۆڤ، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید، لیژنەی کاروباری کۆمەڵەی مەدەنی، لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت)، لیژنەی وەرزش و لاوان، لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریی و راگەیاندن، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، لیژنەی پاراستنی ماف بەکاربەر، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش، لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە).

٣- بڕیاری ژمارە (٨)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٦/١٦ دەرچووە، سەبارەت بە زیادکردنی (١٠) ئەندامی پەرلەمان بۆ سەر چەند لیژنەیەك.

٤-بڕیاری ژمارە (٩)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٦/١٦ دەرچووە، سەبارەت بە پێکهێنانی هەر سێ لیژنەی (لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، لیژنەی کاروباری پەرلەمان، لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی) کە زیادکران.

٥- بڕیاری ژمارە (١٧)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٧/٢٣ دەرچووە، سەبارەت بە زیادکردنی (٢) ئەندام بۆ سەر لیژنەکان.

٦- بڕیاری ژمارە (٢٠)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٩/٢٣ دەرچووە، سەبارەت بە زیادکردنی (٢٠) ئەندام بۆ سەر لیژنەکان.

٧- بڕیاری ژمارە (٢٧)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/١٠/٢١ دەرچووە، سەبارەت بە زیادکردنی (١) ئەندام بۆ سەر لیژنەکان.

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١) لە رۆژی (٢٠١٤/٥/٤) سەرجەم لیژنەکان و ئەندامەکانیانی دەستنیشانکردو لەچەند دانیشتنێکی دواتریشدا چەند ئاڵوگۆڕێکی تیاداکردن. هەروەها بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستە هەر لیژنەیەك سەرۆك و جێگری سەرۆك بڕیاردەری هەبێت و بەشێوەی هەڵبژاردن لەنێوان ئەندامانی لیژنەکان دەستنیشان دەکرێت. لەسەرەتادا سەرۆکایەتی پەرلەمان رەزامەندی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی کە هەموو لیستەکان بەشدار بن لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆك و جێگر و بڕیاردەری لیژنەکان، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەندێك لیست سەرۆکی لیژنەیان بەرنەکەوتبوو. لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩) ی رۆژی (٢٠١٤/٦/١٦)ی پەرلەماندا سێ لیژنەی تر زیادکران. بەلام بەهۆی گرفتی نێوان فراکسیۆنەکان کە لەسەر سەرۆکایەتی لیژنەکان پێك نایەن، تا ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەم سێ لیژنە تازەیە هەڵنەبژێردراون و لیژنەکان سەرۆکایەتیان نیە و دەستبەکار نەبوون.[7] لە کاتێکدا چوار مانگ و بیست رۆژ بەسەر دروستکردنیاندا تێپەڕیوە، ئەم سێ لیژنەیە نە دەستەی سەرۆکایەتیان هەیەو نە هیچ کۆبوونەوەیەکیان بەستوەو نە هیچ کارێکیشیان ئەنجامداوە.[8]

جگە لەمە لە پێکهێنانی لیژنەکاندا ئەوەندەی لایەنی سیاسی لەبەرچاو گیراوە پرۆفیشنالی ئەندامان لەبەرچاو نەگیراوە، کە یەکێك لە هۆکارەکانی لاوازی لیژنەکانە.

---

(٧) – بەپێی برگەی (٣) لە مادەی (٣٩)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هاتووە: ٣–لیژنە بەردەوامەکان لە ژمارەیەك ئەندام پێکدەهێنرێت نابێت لە پێنج ئەندام کەمتر بن و نابێت لە یازدە ئەندام زیاتر بێت و هەر لیژنەیەك لەنێوان ئەندامەکانیدا سەرۆکێك و جێگرێك و بڕیاردەرێك هەلدەبژێرێت.

(٨) – سەبارەت بە سەرۆکایەتی ئەم سێ لیژنەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە هەفتەی رابردوودا لە ناو هۆلی پەرلەمان رایگەیاند کە بۆ چارەسەری کاتی سەرۆکایەتی ئەم سێ لیژنەیە، بڕیارمانداوە بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتیان بکات. ئەمەش بەپێی پەیڕەو ناگونجێت.

**دووەم: لیژنە کاتییەکان:**

**١-لیژنەی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانەی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر لە ٢٠١٤/٤/٣٠ و ڕۆژانی دواتر ڕوویانداوە: [٩]**

هەرچەندە ئەم لیژنەیە زۆر بەپەلە پێکهێنرا، کارەکانیشی تەواو بووە و ڕاپۆرتی نوسیوە، بەلام تا ئێستا کە پێنج مانگە کارەکانی تەواو کردووە کەچی ڕاپۆرتەکی نەخراوەتەوە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە.

پێك هێنانی لیژنە بۆ مەسەلەیەکی پێویست زۆر ئاساییەو پێویستیشە،[١٠] بەلام سەرۆکایەتی پەرلەمان هەروەك ئەو لیژنەیەی بە پەلە پێکهێنا لەو کاتەدا (کە پێکهێنانی پێویست بوو و کارێکی باشی کرد پێکی هێنا، هەرچەند قسە لەسەر ئالیەتی کاری لیژنەکەش هەیە چونکە جۆرێك لە تداخول بوو لە کاری دەسەلاتی دادوەری)، بەلام مەسەلەی زۆر لەوە زەرور تر و پێویست تریش هەبوو دەبوایە لیژنەی لێکۆڵینەوەی بۆ پێك بهێنێ، بۆ نمونە کارەساتی شەنگال و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لێی کە بووە مایەی ئاوارەو دەربەدەر بوونی سەدان هەزار کەس و کوشتاری بە کۆمەلی ئێزیدییەکانی لێکەوتەوەو هەر بەم هۆیەوە هەزاران کچ و ژنی ئێزیدی بردران و بێسەروشوێن کران و بازرگانیان پێوەکرا و دەستدرێژیان کرایەسەر. پێویستبوو لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەپەرلەمان پێك بهێنرێت و هۆکارەکانی کشانەوەی پێشمەرگە بەم پەلە پروزێیە دیاری بکرێت و کەمتەرخەم و سەرپێچی کاران سزا بدرێن. ئەوکاتە پەرلەمان لە پشوو بوو و بەپێی مادەی (٤٨) بڕگەی (ب)ی پەیرەوی ناوخۆ سەرۆکایەتی دەیتوانی لیژنە دروستبکات و لە دەسەلاتی خۆی بوو،[١١] بەلام نەکرا.

---

(٩) – بەپێی بڕیاری ژمارە (٣)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٥/٤ دەرچووە ، ئەم لیژنەیە پێکهێنراو لە (٦) ئەندام پێکهاتووە.

(١٠) – لە مادەی (٤٧)ی پەیرەوی ناوخۆ هاتووە: پەرلەمان بۆی هەیە لیژنەی کاتی و لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێت بەگوێرەی پێویستی ئەو بابەتانەی خراونەتە ڕوو.

(١١) – بڕگەی (ب) لە مادەی (٤٨)ی پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: لەکاتی پشووی پەرلەماندا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە لیژنەکانی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنرێن.

### ٢-ليژنەی پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.[١٢]

ئەم لیژنەیە لە کارکردن بەردەوامەو هەفتانە کۆبوونەوەی خۆی دەکات و تا ئێستا ئەو پرۆژەی پەیڕەوەی کاری لەسەر دەکەن نزیکەی (٣٧)مادەی کاری لەسەر کراوە.

### ٣-لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان بۆ پالاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران.[١٣]

تا ئێستا ئەم لیژنەیە دوو کۆبوونەوەی کردووە. بەلام هێشتا تەوافوقی پێنج لایەنە سەرەکیەکە تەواو نەگەیشتوونەتە یەك، هەرچەندە لە یاساکەدا هاتووە کە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە بێلایەنی و سەربەخۆیی دەناسرێن، بەلام لێرەدا پێنج حزبە سیاسیەکە هەر (٩) ئەندامەکەیان لەنێوان خۆیاندا برابەش کردووە. بێئەوەی دەرفەت بۆ هیچ کەسێکی تر هەبێت.

بەپێی یاساکە کە لە ماددەی (٢٢)ی دا هاتووە:"لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستانەوە جێبەجێ دەکرێت". وەقایعی کوردستان لە رۆژی ()ەوە دەرچووە، بەلام تا ئێستاش هیچ هەنگاوێك بۆ جێبەجێکردنی نەنراوە.[١٤]

هەرچەندە پەرلەمان راگەیاندنێکی بلاوکردۆتەوە لە سایتەکەیدا بەناوی:

**راگەیەندراوی خۆ کاندید کردنی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێ : کە هەر هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان کە لە هەرێم بە شێوەیەکی بەردەوام نیشتەجێیەو ئەو مەرجانەی لای خوارەوەی تێدایە دەتوانێت

---

(١٢) – بەپێی بڕیاری ژمارە (١٠)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٦/١٦ دەرچووە ، ئەم لیژنەیە پێکهێنراو لە (١٣) ئەندام پێکهاتووە.

(١٣) – بەپێی بڕیاری ژمارە (٢١)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٩/٢٣ دەرچووە ، ئەم لیژنەیە پێکهێنراو لە (٨) ئەندام پێکهاتووە.

(١٤) – یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ ی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردن و راپرسی.

فۆرمی خۆ کاندیدکردن پڕبکاتەوە کە لەسەر ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان هەیە و بینێرێت بۆئەم ئیمێلانەی خوارەوە:

komsion@perleman.org
krgkomsion@gmail.com

تێبینی : ماوەی پێشکەش کردن دەست پێ دەکات لە ٢٠١٤/١٠/٢٩ تاوەکو ٢٠١٤/١١/١٠

مەرجەکانی کاندید :

١/ هاوڵاتی کوردستان – عێراق بێت و بە بەردەوامی تێیدا نیشتەجێ بێت .

٢/ بەلایەنی کەمەوە دەبێت خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت .

٣/ نابێت تەمەنی لە (٣٠) سی ساڵ کەمتر بێت .

٤/ خاوەنی ئەزمون بێت و بەتوانا و دەست پاك و بێلایەن بێت .

٥/ خاوەن ڕفتارو رابردویەکی چاك بێت و بە تاوانی ئابڕوبەر سزا نەدرابێت .

٦/ بەشداری نەکردبێت لەو تاوانانەی کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە پیلانی بۆ داڕیژرابێت یان ئەنجام درابێت بۆ سەرکوتکردنی گەلی کوردستان و گشت گەلانی عێراق هەروەها بەعسی نەبوبێت بە گوێرەی یاسای ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠٠٣ .

٧/ ئینتمای بۆ هیچ پارتێکی سیاسی نەبێت لەکاتی ئەندامێتی ئەنجومەن.

بەلام لە راستیدا ئەم جۆرە راگەیاندنانە لەمەیدانی واقیعیدا هیچ بەهایەکیان نیەو کاریشیان پێناکرێت و هەرچەندە هاولاتیان ئەم فۆرمەش پڕ بکەنەوەو مەرجەکانیشیان تیادابێت، وەرناگیرێن و دانانرێن ئەگەر کاندیدی (٥) حزبە سەرەکیەکە نەبن!!!

## ٤-ليژنـەی کـاتی بـۆ لێکۆلینـەوەو بەدواداچـوون بـۆ بـە جینۆسـاید ناسـاندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.[١٥]

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر ئەم لیژنەیە:

١-ئەم لیژنەیە تایبەت بوو بە کارەساتی کۆمەلکوژی ئێزیدیەکان لـە شـەنگال، بـەلام نـاوی ئەوانی تێدا نەهاتووە.

٢-مەسـەلەی بـە دەکۆمێنـت کـردن کـارێکی هونەریـەو پێویسـتی بـە کەسـانی پسـپۆر و تایبەتمەند هەیە نەك لیژنەی پەرلەمانی.

٣-ئەگەر پێویستی بـە لیژنـەش بکردایـە، یـەکێك لـە لیژنـە هەمیشـەییەکانی پەرلـەمان تایبەتە بە مەسەلەی جینۆساید و دەیتوانی ئەم ئیشانە بکات، نەك لیژنەیـەکی تـریش پێـك بێت.

٤-لەهـەمان کـات حکومـەتیش لیژنەیـەکی پێکهێنـابوو بـۆ هـەمان مەبەسـت و کۆمـەلێك کەسـی پسـپۆر و شـارەزای تێـدابوو، یـەکێ لـە ئەرکـەکانی پەرلـەمان چـاودێرییەو دەکـرا چاودێری ئەو لیژنەیەی حکومەت بکات.

٥-باشـتر بـوو پەرلـەمان لیژنەیـەك لەسـەر کارەسـات و کشـانەوەی هێـزی پێشـمەرگە لـە شەنگال پێکبێنێ.

---

(١٥) – بەپێی بریاری ژمارە (٢٢)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠١٤/٩/٢٣ دەرچووە ، ئەم لیژنەیـە پێکهێنـراو لـە (١١) ئەندام پێکهاتووە.

## پرسی بودجە

**یەکەم: پرۆژە یاسای بودجە:**

یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی پەرلەمان پەسندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵانەیە. بەپێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبوایە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بودجەی خەمڵێنراو رەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکات،[١٦] چونکە بودجە لە رۆژی ٣١/١٢/ هەموو ساڵێك کۆتایی دێت و پێویستە لە ١/١/ ساڵی تازەوە کار بە بودجەی پەسندکراو بۆ ساڵی تازە بکرێت. بەلام تا ئێستاشی لەگەلدابێت بەهۆی ئەو قەیرانەی هەرێم تێی کەوتووە لەگەل عیراقی فیدرالدا بودجە نە ئامادەکراوەو نە چۆتە پەرلەمانی کوردستانیشەوە.

**دووەم: ژمێرەی کۆتایی:**

بەپێی پەیرەوی ناوخۆ[١٧] دەبێت ژمێرەی کۆتایی (الحساب الختامی) سالی دارایی پێشتر بچێتە پەرلەمان، بۆ زانینی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن هەتا پەرلەمان و خەلکی کوردستان ئاگایان لێ بێت لە بودجە کە هی خەلکی کوردستانەو لەپێناو چەسپاندنی پرەنسیپەکانی شەفافیەت لە سەرفکردنی بودجەدا. بەلام تاکو ئێستاشی لەگەلدابێت ژمێرەی کۆتایی سالەکانی (٢٠١٢) و (٢٠١٣) لەلایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان نەکراوە و پەرلەمانیش لێی بێدەنگە.

---

(١٦) – لە برگەی یەکەمی مادەی (٧٩)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە:

یەکەم:لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە سالی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان.

(١٧) – لە برگەی دووەمی مادەی (٧٩)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە:

دووەم:پرۆژە یاساکانی بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی هەر ساڵێك هەر بەگەیشتنی رەوانەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری دەکرێت بۆ وردبینی و گفتوگۆکردن لەسەری.

# پەرلەمان و پەسەند کردنی یاسا

**لە ماوەی خولی گرێدانی یەکەمدا (٦١) پرۆژە یاسا و پرۆژە بڕیار کە لەلایەن فراکسیۆنە جیاجیاکان و حکومەتەوە ناردراون خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، کە ئەمانەن:**

١–پرۆژە یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە.

٢–پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت.

٣–پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠.

٤–پرۆژە بڕیاری هەموارکردنی مادەی (٣٨ و ٣٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

٥–پرۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان و عیراق.

٦–پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٦) بە پێی مادەی (١٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق.

٧–پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.

٨–پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان.

٩–پرۆژە یاسای (هەموارکردنی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠ / (٢).

١٠–پرۆژە یاسای کۆتایی هاتن بەکارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان.

١١–پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ لەهەرێمی کوردستان – عێراق.

١٢–پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان–عێراق.

١٣–پرۆژە یاسای بەکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو لە عێراق.

١٤–پرۆژە یاسای پشکی هاونیشتمانیان لە سامانە سروشتیەکان.

١٥–پرۆژە یاسای دەستەی نیشتمانی بۆ دانوستان.

١٦–پرۆژە یاسای بودجەی حزبەکان.

١٧–پرۆژە یاسای رێکخستنی چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان.

١٨–پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی دەستەبەری (تضمین) ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٦.

١٩–پرۆژە یاسای پاراستنی خواردەمەنی.

٢٠–پرۆژە یاسای هاوکاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر.

٢١–پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی مووچە.

٢٢–پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای تیرۆر.

٢٣–پرۆژە یاسا بۆ چاودێری بەساڵاچوان لەهەرێمی کوردستان–عێراق١.

٢٤–پرۆژە یاسای سندوقی مووچەو خانەنشینی هەرێمی کوردستان–عێراق.

٢٥–پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان–عێراق ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموارکراو.

٢٦–پرۆژە یاسا بۆ چاودێری بەساڵاچوان لەهەرێمی کوردستان–عێراق٢.

٢٧–پرۆژە یاسای سەندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز.

٢٨–پرۆژە یاسای تایبەت بە کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان.

٢٩–پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان.

٣٠–پرۆژە یاسای دەستەی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گوندەکانی کوردستان.

٣١–پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك.

٣٢–پرۆژە یاسای چاودێری کردنی ناکامەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموارکراو.

٣٣–پرۆژە یاسای ئەنجومەن و دەزگای کاروباری دانوستان.

٣٤–پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لەهەرێمی کوردستان.

٣٥–پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان.

٣٦–پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای سندوقی کۆمەك بۆ توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٢.

٣٧–پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی ١.

٣٨–پرۆژە بریاری هەڵوەشاندنەوەی بریاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی پەرلەمانی کوردستان - عیراق.

٣٩–پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی ٢.

٤٠–پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان–عێراق ١.

٤١–پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان–عێراق ٢.

٤٢–پرۆژە بڕیاری جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری.

٤٣–پرۆژە بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شنگال.

٤٤–پرۆژە بڕیاری دانانی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کورد (کوردانی ئێزیدی) ئەنجامدراون بەتاوانی کۆمەڵ کوژی.

٤٥–پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.

٤٦–پرۆژە یاسای پەروەردەو خوێندن.

٤٧–پرۆژە یاسای پاراستنی ماف پێکهاتە نەتەویی و ئایینی و مەزهەبیەکان لەهەرێمی کوردستان.

٤٨–پرۆژە یاسای پەروەردە لەهەرێمی کوردستان.

٤٩–پرۆژە یاسای رێکخستنی ماف پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

٥٠–پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی هەرێمی کوردستان–عێراق.

٥١–پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٨٨ عێراقی.

٥٢–پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لە شفرۆشی  پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لە شفرۆشی.

٥٣–پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٥٤–پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٥٥–پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩

٥٦–پرۆژە یاسای رێپێدراوی شەرعی ـ (المأذون الشرعي).

٥٧–پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی.

٥٨–پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ .

٥٩–پرۆژە بڕیاری (استحداث محافظة زاخو في اقليم كوردستان ـ العراق).

٦٠–پرۆژە یاسای (القانون الاساسي لجمعية الهلال الاحمر الكردستاني).

٦١–پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.

## یاسای پەسەند کراوەکان لە پەرلەمان

لەو ماوەیەدا کە (٦١) پرۆژە یاساو بڕیارەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، تەنها (٦) یاسا و (٢)بڕیار پەسەند کراون.[(١٨)] کە ئەمانەن:

١-یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو.

تێبینی: ئەم یاسایە تەنها یەك مادەی هەموارەو بۆ خولی داهاتوو، یاخود بۆ کابینەی داهاتووی حکومەتە و لەم کابینەیەدا جێبەجێ نەکرا.

٢-یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای درێژەدان بەکارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

تێبینی: ئەم یاسایە هەمان یاسای پێشترە و تەنها درێژکراوەتەوە بۆ دوو سالی تر.

٣-یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.

تێبینی: ئەم یاسایەش جێبەجێکردنی لەسەر پەرلەمانە، بەلام تا ئێستاش ئەنجومەنەکەیان پێکنەهێناوە.

٤-یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٤ یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

تێبینی: دەرکردنی ئەم یاسایە کارێکی باشە بۆ ئەوەی بودجەی کوردستان لەدەست ئەو بەهەدەردانە زۆرەی حزبەکان دەربازی بێت، بەلام لەکاتێکدا دەرکراوە کە هەرێم ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی بۆتەوەو جێبەجێ ناکرێت لەمەیدانی پراکتیکدا، بەلام بەپێی

---

(١٨) – لەو ماوەیەدا پەرلەمانی کوردستان (٥) بڕیاری پەسەند کردووە نەك (٢)، بەلام مەبەستی ئێمە لەم (٢)ە ئەوەیە کە پرۆژەکانیان لە چوارچێوەی ئەو (٦١) پرۆژە یاساو بڕیارەیە کە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی بۆ کردووە. ئەوانیش بریتین لە:

١–بڕیاری ژمارە (١٦) بڕیاری ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ و بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

٢– بڕیاری ژمارە (٢٣) بڕیاری ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان ـ عێراق.

**ياساكە چۆتە بوارى جێبەجێكردنەوە، واتە بەپێى ئەم ياسايە حكومەت قەرزارى حزبەكان دەبێت.**[١٩]

**٥-هەموارى يەكەمى ياساى ڕێكخستنى خۆپیشاندان لە هەرێمى كوردستان.**[٢٠]

**تێبينى: ئەم ياسايە دوواى مانگێك و (٩) ڕۆژ لە دەرچوونيەوە لەلايەن سەرۆكى هەرێمەوە ڕەت كرايەوە، دواى (دوو مانگ و چوار ڕۆژ) لە ڕەتكردنەوەى، لە دانيشتنى ژمارە (٧) لە ٢٠١٤/١٠/٢٢ سەرۆكايەتى خستيەوە بەرنامەى كار و دواى خست بۆ سەرەتاى خولى گرێدانى ئاييندە.**

**٦- ياساى زمانە فەرمييەكان لە هەرێمى كوردستان.**

(١٩)– بەپێى مادەى (٧)ى ياساى ژمارە (٥)ى ساڵى ٢٠١٤ ى پێدانى بودجەى حزبەكان لە هەرێمى كوردستان– عيراق، هاتووە:"ئەم ياسايە لە ڕۆژى بلاوكردنەوەى لە ڕۆژنامەى فەرمى (وەقايعى كوردستان)دا كارى پێدەكرێت".
ياساكە لە وەقايعدا بلاو كراوەتەوە، واتە لەو كاتەوە ياساكە بەركارەو حكومەت قەرزارى حزبەكانە.

(٢٠)– بە بڕيارى ژمارە (٦)ى ساڵى ٢٠١٤ى سەرۆكى هەرێم كە لە ٢٠١٤/٨/١٨ دەرچووە، و بە نوسراوى سەرۆكايەتى هەرێم ژمارە (د.٤٩٧) لە ٢٠١٤/٨/٢٤ بۆ سەرۆكايەتى پەرلەمان ناردراوە، ئەم ياسايە ڕەد كراوەتەوە.

## بڕیاری پەسەند کراوەکان لە پەرلەمان

١–بڕیاری ژمارە (١٦) بڕیاری ڕاگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ و بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

٢– بڕیاری ژمارە (١٨) بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش.

٣– بڕیاری ژمارە (١٩) بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی پێشمەرگە.

٤– بڕیاری ژمارە (٢٣) بڕیاری ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان ـ عێراق.

٥–بڕیاری ژمارە (٢٤) بڕیاری پاڵپشتی کردنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەر شێوازێکی خۆبەڕێوەبردن.

تێبینی: دەبوایە پەرلەمانی کوردستان لەو بڕیارەدا بە ڕوونی دان بە کانتۆنەکاندا بنێت، بەلام مەسەلەی دانان لە بڕیارەکەدا نەهاتووە.

٥–بڕیاری ژمارە (٢٨) تایبەت بە ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگری لە کۆبانێ.

تێبینی: دەبوایە لەو بڕیارەدا ئیشارەت بەوە بدرایە کە ئەو هێزەی دەچێت بۆ کۆبانێ بە هەماهەنگی و ڕەزامەندی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا بێت، سەرباری ئەوەی زیاد لە (٣) پەرلەمانتار داوایانکرد، بەلام سەرۆکی پەرلەمان نەی خستە دەنگدانەوەو ئەم دەستەواژەیەشی لە بڕیارەکەدا زیاد نەکرد. هەروەها دەبوایە مێژووی ئەم پرۆسەیە دیاری بکرابووایە، بەلام لە بڕیارەکەدا هیچ مێژوویێك دیاری نەکراوە.

## پەرلەمان و چاودێری کارەکانی حکومەت

یەکێك لە ئەرکە بنچینەییەکانی پەرلەمان، چاودێری کارەکانی حکومەتە، لە ماوەی سالێکی تەمەنی پەرلەماندا کە (حەوت مانگ و دوانزە رۆژ)ی حکومەتی کار بەرێکەر بوو و (پێنج مانگ)یش تەمەنی حکومەتی کابینەی هەشتەمە کە ئەم خولەی پەرلەمان دەنگی پێداوەو هەقی چاودێری و لێپێچینەوەی هەیە.[٢١] لەو ماوەیەدا پەرلەمان چەند دانیشتنێکی لەگەل حکومەتدا ئەنجامداوە. ئەو وەزیرانەی کە لە پەرلەمانی کوردستاندا ئامادە بوون، بریتین لە:

١-وەزیری سامانە سروشتیەکان.[٢٢]
٢-وەزیری پەروەردە.[٢٣]
٣- وەزیری پێشمەرگە.[٢٤]
٤- وەزیری کاروباری پەرلەمان.[٢٥]

(٢١)– لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی پەرلەمان رۆژی ٢٠١٤/٦/١٦ کابینەی هەشتەم سوێندی یاساییان خوارد و متمانەیان پێبەخشرا.

(٢٢)– وەزیری سامانە سروشتیەکان لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی مادەی (٥٤/خاڵی دووەم/برگەی ٢)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان (هەر دە ئەندامێك بۆیان هەیە داوا بکەن گفتوگۆی بابەتێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی پەرلەمانەوە بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند). ناوبراو لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٤)ی پەرلەمان لە رۆژی ٢٠١٤/٧/٧ لە پەرلەمان ئامادە بوو.

(٢٣)– لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦) لە ٢٠١٤/١٠/٢١ وەزیری پەروەردە ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بوو، ئامادە بوونی وەزیری پەروەردە لەم دانیشتنەدا لەسەر داوای خۆی بوو.

(٢٤)– لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧) لە ٢٠١٤/١٠/٢٢ وەزیری پێشمەرگە لەکاتی پەسەندکردنی بریاری تایبەت بە ناردنی هێز بۆ کۆبانی ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بوو.

(٢٥)– وەزیری کاروباری پەرلەمان تەنها سێ جار ئامادە بووە: جارێك لەکاتی پەسەندکردنی بریاری پالپشتی لە گەلی رۆژئاوا (١٠/١٤)، جارێك لەگەل وەزیری پەروەردە (١٠/٢١) و جارەکەی تریش لەگەل وەزیری پێشمەرگە (١٠/٢٢). ئەمە لەکاتێکدا وەزیری ناوبراو شوێنی کار و ئۆفیسەکەی لەناو تەلاری پەرلەماندایە.

# تێبینییەکان لەسەرکاری ساڵێکی خولی چواری پەرلەمان

**یەك:** پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی ۱۹۹۲ دانراوە بۆ ڕێکخستنی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و دیاریکردنی ماف و ئەرکەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامان کە پێویستە لەسەریان پابەند بن پێوەی، بەپێی ماددەی (۱۷) ی ئەم پەیڕەوە سەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتێکی فراوانی پێبەخشراوە کە زۆربەی بریار و ئیجرائاتەکانی بەدەست بێت بەجۆرێك ئەگەر هاتوو سەرۆك لە پەیڕەوی ناوخۆش دەرچوو ئەوا لە پەیڕەوەکەدا هیچ ماددەیەك نیە کە ماف بدات بە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی داوای لێپرسینەوە و راستکردنەوە بکەن.

**دوو:** خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، تەنها (٦) یاسای پەسەند کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٦١) پڕۆژە یاسا کراوە، لەناو ئەوانیشدا (٣) یاسا کە پەسەند کراون تەنها هەموارکردنی چەند مادەیەکیان بووە.

**سێ:** سەرباری ئەوەی کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستە لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمدا حکومەت بودجە بنێرێتە پەرلەمان، بەلام بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی دروستبووە و تا ئێستای لەگەلدابێت دەنگی ناردنی پڕۆژەی بودجەی هەرێم نیە.

**چوار:** ژمێرەی کۆتایی (الحساب الختامی) بودجەی سالانی رابردوو (۲۰۱۲) و(۲۰۱۳) کە پێویستە لەلایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان بکرێت، تا ئێستاشی لەگەلدابێت نەناردراوە.

**پێنج:** سەبارەت بە بەخشش و داهاتی گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان بەپێی لێدووانەکانی سەرۆکی حکومەت و وەزیری سامانە سروشتیەکان، کە لە هۆڵی پەرلەمان و کەنالەکانی راگەیاندن باسیان لێوە کردووە، کە بڕەکەی پێنج ملیار دۆلارە، بەلاّم تا ئێستاش ئەم داهاتە نەچۆتە سەر بودجەی ساڵانەی هەرێم و نازانرێت لە کوێ و بۆ کێ خەرجکراوە. پەرلەمانی کوردستانیش (نە خولەکانی

**رابـردوو و نـە ئێسـتاش) تـا ئێسـتا سـەبارەت بـەم پرسـە نـەیتوانیوە بەدواداچـوون و لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆ بکات.**

**هەرچـەندە وەزیـری سـامانە سروشـتیەکان لـە کۆبوونـەوەی رۆژی ٢٠١٤/٦/٤ لـە هـۆڵی پەناگیری پەرلەمان کۆمەڵێك دەکۆمێنتی خستە بەردەست ئەندامانی پەرلەمان بەمەبەسـتی بەدواداچوون، بـەلام ئـەوەی جێـی سـەرنج و پرسـیارە تـا ئێسـتاش هـیچ کـام لـە ئەنـدامان و لیژنـەکان و فراکسـیۆنەکان لەسـەر ئـەم بابەتـە دەنگیـان لێـوە نـەهاتووە! کـە یـان بەڕاسـتی دابنێن، یا بەدرۆی بخەنەوە.**

**<u>شەش:</u> بێسەروبەرییەکی زۆر و بێبەرنامەیی بـە پێشکەشـکردنی پرۆژەیاسـاکانەوە دیـارە، بۆ نمونە:**

**١- زۆربـەی ئـەو پـرۆژە یاسـایانەی پێشکەشـکراون تـەنها کـۆپی کردنـەوەی پرۆژەکـانی پێشـتـرن بـەبێ ئـەوەی هـیچ دەسـکاریەك بکـرێن و لەگـەل سـەردەم و گۆڕانکارییەکانـدا بگونجێنرێن. کە دەکرا هیچنا سود لە راپۆرتی لیژنەکان وەربگرن کە لە خولی سێیەم لەسـەر ئەم پرۆژانە نوسراون. لەوانە:**

١. –پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت.

٢. –پرۆژە یاسای هـەموارکردنی یاسـای رێکخسـتنی خۆپیشـاندان لـە هـەرێمی کوردسـتان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠.

٣. –پـرۆژە یاسـای هـەموارکردنی یاسـای وەبـەرهێنان ژمـارە(٤)ی سـاڵی ٢٠٠٦) بـە پێـی مـادەی (١٧) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ی پەرلـەمانی کوردستانی عیراق.

٤. –پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان.

٥. –پرۆژە یاسای (هەموارکردنی یاسـای رێکخسـتنی خۆپیشـاندان لـە هـەرێمی کوردسـتان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠ / (٢).

٦. –پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ لەهەرێمی کوردستان – عێراق.

٧. –پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان–عێراق.

٨. –پرۆژە یاسای دەستەی نیشتمانی بۆ دانوستان.

٩. –پرۆژە یاسای بودجەی حزبەكان.

١٠. –پرۆژە یاسای هاوكاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر.

١١. –پرۆژە یاسا بۆ چاودێری بەساڵاچوان لەهەرێمی كوردستان–عێراق١.

١٢. –پرۆژە یاسا بۆ چاودێری بەساڵاچوان لەهەرێمی كوردستان–عێراق٢.

١٣. –پرۆژە یاسای تایبەت بە كورتە باڵاكان لە هەرێمی كوردستان.

١٤. –پرۆژە یاسای ئەنجومەن و دەزگای كاروباری دانوستان.

١٥. –پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و راپرسی لەهەرێمی كوردستان.

١٦. –پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەكان لە هەرێمی كوردستان.

١٧. –پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی ١.

١٨. –پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی ٢.

١٩. –پرۆژە یاسای داواكاری گشتی هەرێمی كوردستان–عێراق ١.

٢٠. –پرۆژە یاسای داواكاری گشتی هەرێمی كوردستان–عێراق ٢.

٢١. –پرۆژە یاسای پەروەردەو خوێندن.

٢٢. –پرۆژە یاسای پەروەردە لەهەرێمی كوردستان.

٢٣. –پرۆژە یاسای هەمواركردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٨٨ عێراقی.

٢٤. –پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لە شفرۆشی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لە شفرۆشی.

٢٥. –پرۆژە یاسای رێپێدراوی شەرعی ـ (المأذون الشرعي).

**٢- لەو (٦١) پرۆژە یاسایەی پێشكەشكراون (٣٤)یان بەتەواوی دووبارەن، یاخود هەمان ناونیشانن و ناوەرۆكیان تۆزێك جیاوازە، دوو فراكسیۆن یاخود دوو گروپ لە پەرلەمانتاران پێشكەشیان كردووە بەهەمان ناوەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە فراكسیۆنەكان ئاگاداری یەكتری نین، یاخود هەریەكەو تەنها دەیەوێت ناوی فراكسیۆنەكەی خۆی دەربكەوێت و ناوی**

ئەندامـەکانیان بەسـەر پـرۆژە یاساکەوە بێـت، ئەگـەرنا بـوونی دوو پـرۆژەی هـاو شـێوە بـە فـەرمی کـە خوێندنـەوەی بـۆ بکرێـت دەبێـت بـە بـار قورسـی بەسـەر لیژنـەکان و ڕێـرەوی کارەکەو پەسەندکردنیشی قورستر دەکات و کاتی زیاتریش بەهەدەر دەدات. بۆ نمونە:

١. –پرۆژە یاسای هـەموارکردنی یاسـای ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندان لـە هـەرێمی کوردسـتان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠.

–پرۆژە یاسای (هەموارکردنی یاسای ڕێکخسـتنی خۆپیشـاندان لـە هـەرێمی کوردسـتان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠ / (٢).

٢. –پرۆژە یاسای کۆتایی هاتن بەکارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان.

–پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای تیرۆر.

٣. –پرۆژە یاسای دەستەی نیشتمانی بۆ دانوستان.

–پرۆژە یاسای ئەنجومەن و دەزگای کاروباری دانوستان.

٤. –پرۆژە یاسای هاوکاری بۆ ئافرەتانی بێ هاوسەر.

–پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ لەهەرێمی کوردستان – عێراق.

٥. –پرۆژە یاسا بۆ چاودێری بەساڵاچوان لەهەرێمی کوردستان–عێراق١.

–پرۆژە یاسا بۆ چاودێری بەساڵاچوان لەهەرێمی کوردستان–عێراق٢.

٦. –پرۆژە یاسای سندوقی مووچەو خانەنشینی هەرێمی کوردستان–عێراق.

–پـرۆژە یاسـای هـەموارکردنی سـێیەمی یاسـای خانەنشـینی ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردستان–عێراق ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموارکراو.

–پرۆژە یاسای بەکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو لە عێراق.

٧. –پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك.

–پرۆژە یاسای چاودێری کردنی ناکامەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی هەموارکراو.

٨. –پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی ١.

–پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی ٢.

٩. –پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان–عێراق ١.

–پرۆژە یاسای داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان–عێراق ٢.

١٠. –پرۆژە بڕیاری جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری.

–پرۆژە بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شنگال.

–پرۆژە بڕیاری دانانی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کورد (کوردانی ئێزیدی) ئەنجامدراون بەتاوانی کۆمەڵ کوژی.

١١. –پرۆژە یاسای پەروەردەو خوێندن.

–پرۆژە یاسای پەروەردە لەهەرێمی کوردستان.

١٢. –پرۆژە یاسای پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەویی و ئایینی و مەزهەبیەکان لەهەرێمی کوردستان.

–پرۆژە یاسای ڕێکخستنی مافی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

١٣. –پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی نەهێشتنی لەشفرۆشی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٨٨ عێراقی.

–پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لە شفرۆشی.

١٤. –پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

–پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

١٥. –پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ .

–پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.

–پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.

١٦. –پرۆژە یاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان.

–پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان.

**٣- فراكسيۆن هەیە توێژینەوەی زانستی پێشکەشکردووە بەناوی پرۆژە یاساوەو خوێندنەوەیشی بۆ کراوە، ئەمەش نەشارەزایی ئەندامەکان دەگەیەنێت.**

**بۆ نمونە:**

**-(پێشنیاری یاسای بەردەوامی پێدانی پێشینەکان و کاریگەری لەسەر ئابوری هەرێمی کوردستان).** [٢٦]

**٤- فراکسیۆن هەیە لەشێوەی راپۆرت پرۆژە بڕیاری پێشکەش کردووە، ئەمەش نەشارەزایی ئەندامەکان دەگەیەنێت.**

**بۆ نمونە:**

**- پرۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان.** [٢٧]

**٥- فراکسیۆن و ژمارەی ئەندامان هەیە دوو پرۆژەیاسایان لەیەك کاتا و لەیەك بواردا ئیمزاو پێشکەشکردووە کە هەردوو پرۆژەکە دژ بە یەکتریشن. بۆ نمونە:**

١-پرۆژە یاسای پەروەردەو خوێندن.

٢-پرۆژە یاسای پەروەردە لەهەرێمی کوردستان.

**٦- فراکسیۆن و ژمارەی ئەندامان هەیە یاسای عیراقی وەك پرۆژە پێشکەشکردۆتەوە، بەبێئەوەی یەك وشەی لێگۆڕیبێت و دەسکاری کردبێت و لەگەل هەرێمدا گونجاندبێتی، جیاوازیان نەکردووە لە نێوان پێشکەشکردنی پرۆژە یاسا بەمەبەستی پەسەندکردن و (نفاذ)پێدان بە یاسای ئەنجومەنی نوێنەران.**

**بۆنمونە:**

**پێشنیاری بەرکارکردنی یاسای فیدرالی دەستەبەری تضمین ژمارە (١٢)ی سالی ٢٠٠٦.** [٢٨]

**٧- پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (٣)ی سالی ٢٠١١ی دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێم، لەلایەن دەستەی دەستپاکیەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرابوو،**

(٢٦)-کە ئەم پرۆژەیە لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی رۆژی ٢٠١٤/٥/٧ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

(٢٧)-کە ئەم پرۆژەیە لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠١٤/٥/١٣ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

(٢٨)-کە ئەم پرۆژەیە لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠١٤/٥/٢٦ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

ئەمە بەبێئەوەی پەیرەوی ناوخۆ ڕێگە بدات، کەچی لەدانیشتنی ژمارە (٤)ی ڕۆژی (٢٠١٤/١٠/١٤) خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کرا.[٢٩] دواتر جارێکی تر هەمان پرۆژە بە ئیمزای ئەندامان پێشکەش کرایەوەو دووبارە جارێکی تر لە دانیشتنی ژمارە (٧) ی ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٢ خوێندنەوەی بۆ کرایەوە.

٨- ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پرۆژە یاسایەکیان پێشکەشکردووە بە ناوی (پرۆژە یاسای بە پارێزگا کردنی ڕاپەڕین)، ئەمە لەکاتێکدا دەبوایە بەڕێزیان ئەندامی پەرلەمانن و ئەوەیان بزانیایە کە پەرلەمانی کوردستان بە پێی بڕیاری ژمارە (١١) کە لە ١٩٩٩/٩/٢٢ دەرچووە ڕاپەڕین کراوە بە پارێزگا! پێویست بوو بەدواداچوون بۆ ئەوە بکەن بۆچی لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە ئەم بڕیارەی پەرلەمان جێبەجێ نەکراوە، نەك پرۆژە یاسا پێشکەش بکەن.

٩- نزیکەی (٨٠) ئەندامی پەرلەمان لە یاداشتێکیاندا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن بەدواداچوون بکات بۆ بە پارێزگاریبوونی ئاکرێ و جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٩/٩/٢٢ تایبەت بە پارێزگابوونی ئاکرێ. لەکاتێکدا پێویست بوو ئەو ئەندامانە خۆیان بەدواداچوون بکەن؟

**حەوت:** لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا کە (٢٨) دانیشتنی ئاسایی و (٢)دانیشتنی نائاسایی ئەنجامدراون، پێشێلکاریی بەرچاوی پەیڕەوی ناوخۆ کراوە، بۆ نمونە:

١-هەلنەبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی لە کاتی خۆی.

٢-دروستنەکردنی لیژنەی دروستی ئەندامێتی.

---

(٢٩)–لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ٢٠١٤/١٠/١٤دا هاتووە کە بە پێی برگەی یەکەمی مادەی (٧١)ی پەیرەو خوێندنەوە بۆ ئەم پرۆژەیە کراوە، بەلام ئەمە پێچەوانەی پەیرەوە، چەنکە لەو مادەیەدا هاتووە:١– (ئەنجومەنی وەزیران یان کەمتر نەبێت لە دە ئەندام پەرلەمان بۆیان هەیە پرۆژە یاساو بڕیار پێشنیار بکەن و پەرلەمانیش گفتوگۆی یاسا یان بڕیارەکە ناکات پێش ئەوەی لیژنەی تایبەتمەن تێڕوانینی بۆ بکات، وە هەر پرۆژەیەکیش پەرلەمان ڕەتی بکاتەوە لەماوەی هەمان خولی گرێدراو پێشکەش ناکرێتەوە). پێچەوانەکەی ئەوەیە کە ئەو لایەنەی ئەم پرۆژەیەی پێشکەشکردووە ئەنجومەنی وەزیران نیە، بەلکو دەستەیەکەو سەر بە پەرلەمانە، ئەمەش پێشێلی پەیرەوە.

٣-خوێندنەوەی یاداشتی کتوپڕی فراکسیۆنەکان.

٤-نەخستنە دەنگی رای ئەندامان، کاتێك لە سیٚ ئەندام زیاتر بابەتێك دەخەنە روو.

٥-لەکاتی هەمواری هەندیٚ بڕگەی پەیرەوی ناوخۆ.

٦-چەند حالەتێکی لایەنگیری و بێلایەن نەبوونی سەرۆکایەتی.

٧-نەخستنە بەرنامەی کاری یاداشت و داواکاری ئەندامان.

٨-داوانەکردنی ژمێرەی کۆتایی بودجەی پێشوو لە حکومەت.

١٠-پێکهێنانی لیژنەی کاتی بۆ مەبەستێك، کە لەهەمان کاتا بۆ هەمان مەبەست لیژنەی هەمیشەیی هەیە.

١١-ئیجرائات نەکردن لە ئامادەنەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان.

١٢-ئاراستەکردنی پرسیاری ئەندامان لە حکومەتی کار بەڕێکەر، کە ناتوانیٚ لێی بپێچێتەوە. لە دانیشتنی رۆژی (٢٠١٤/٥/٢٨) کە حکومەتی کار بەڕێکەر ئامادە بوو و پرسیاری ئاراستە کرا، ئەمەش پێشێلی پەیڕەو بوو، چونکە کە پرسیار دەکرێت دەبێت وەلام بدرێتەوە، خۆ ئەگەر وەلام نەدرایەوە یاخود وەلامەکە باوەڕ پێکراو نەبوو ئەوا ئەو ئەندامەی کە پرسیارەکەی کردووە بۆی هەیە ئیستیجوابی وەزیر یا سەرۆکی حکومەت بکات بۆ لێپرسینەوە و تا ئەو کاتەی وەرگرتنەوەی متمانەیشی بەدوادا دێت، بەلام ئەم حکومەتە کار بەڕێکەر بوو و لەلایەن ئەم پەرلەمانەوە (خولی چوارەم)ەوە متمانەی پیٚ نەبەخشراوەو هەر بۆیەش نەیدەتوانی لێپێچینەوەی لەگەل بکات.

١٣-ناو نەنان لە خولی پەرلەمانی کە تا ئێستاش ئەم خولە ناوی لێنەنراوە.

١٤-رۆژی (٢٠١٤/٥/٢٨) سەرۆکی حکومەتی کار بەڕێکەر ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بوو و گوایە بەپێی مادەی (٥٣)ی پەیڕەو ئامادە بوو، ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوە.[٣٠]

---

(٣٠) – لە مادەی (٥٣)ی پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: ١–ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بۆیان هەیە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ئامادەبن و لە گفتوگۆکاندا بەشداری بکەن و لە دەنگداندا بەشدار نابن تەنها ئەوەی ئەندام بێت تیایدا و بۆیان هەیە گەورە فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بهێنن بۆ پشت پیٚ بەستنیان بە مۆلەتی سەرۆك بەبیٚ ئەوەی مافی قسەکردنیان هەبێت.

١٥-رۆژانی (٢٨-٢٩/١٠/٢٠١٤) لە دانیشتنی پەرلەماندا ڕێگە بە بەڕێز سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی درا کە لە نێو هۆڵی پەرلەماندا قسە بکات و ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆ بوو.[٣١]

١٦- لە مایسی ٢٠١٣ لە دانیشتنێکی پەرلەماندا ڕێگە بە راوێژکارێکی پەرلەماندرا کە لە نێو هۆڵی پەرلەماندا قسە بکات و ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆ بوو.

**هەشت:** لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە چەند جارێك شکۆی پەرلەمان پێشێلکراوە، کە ئەمەش سوکایەتی کردنە بە پەرلەمان، لەوانە:

١- لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١٤/٦/٤ لە هۆڵی پەناگیری کاتێك ئەندامانی پەرلەمان رەخنەیان ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەر کرد، بەلام سەرۆکی حکومەت چەند جارێك پەنجەی لە ئەندامان راوەشاندووەو وتوویەتی قەبولی ناکەم لێتان.

٢- لە کاتی سەردانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت بۆ پەرلەمان لە رۆژانی (٥/٢٨) و (٦/٤)، لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتەوە رێ و شوێنی توند گیراوەتەبەر لە چوونە ژوورەوەی ئەندامانی پەرلەمان و رۆژنامەنوسان بۆ پەرلەمان و ستافی سەرۆکایەتی حکومەت خۆیان ئەم ئیجرائاتانەیان کردووە لەناو پەرلەمان.

٣- لەکاتی سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لە ٢٠١٤/٧/٣ بۆ پەرلەمان هەمان حالەتی پێشوو دووبارە بۆتەوە.

**نۆ:** لەکاتی سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بۆ پەرلەمان لە ٢٠١٤/٧/٣ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان بڕیار درا دانیشتنەکە داخراو بێت، بەلام ژمارەیەك لە پاسەوانەکانی سەرۆکی هەرێم و چەند راوێژکارێك لەبەشی سەرەوە مانەوەو هۆڵەکەیان جێنەهێشت و بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش هیچ هەلوێستێکی نەنواند، بەلام لەهەمان کاتدا کە دانیشتنەکە داخراو بوو کەچی سەرجەمی لە راگەیاندنەکان پەخشکرا.

(٣١) – هەمان مادەی سەرەوە بەسەر ئەمەشدا جێبەجێ دەبێت.

**دە:** ژمارەی یاسایی ئەندامان لە یاداشتیان داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەمەبەستی ئامادەبوونی وەزیری سامانە سروشتیەکان لەسەر قەیرانی سوتەمەنی، بەلام دوای (٨) رۆژ سەرۆکایەتی پەرلەمان نوسراوی بۆ حکومەت کردووە.

**یانزە:** یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٥)ی رۆژی (٢٠١٤/٧/٩)ی پەرلەمان پەسەند کراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێم نێردرا، لە (٢٠١٤/٨/١٨) سەرۆکی هەرێم رەتی کردەوە، بەبێئەوەی هۆکار و ئەو مادەیە دەستنیشان بکات کە نارازییە لەسەری، ئەبوایە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەکاتی خۆیدا ئەم یاسایە بخاتەوە بەرنامەی کارەوە، بەلام زۆر دوای خست، یاساکە لە (٢٠١٤/٨/٢٤)دا گەڕایەوە، بەلام سەرۆکایەتی لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی رۆژی (٢٠١٤/١٠/٢٢) خستیە بەرنامەی کارەوەو لەو دانیشتنەش گفتوگۆی لەسەر نەکراو بۆ سەرەتای خولی گرێدانی ئایندە.

**دووانزە:** دانیشتنەکانی پەرلەمان درێژ دەبنەوە بەوەی کە هەموو قسەیەکی تێدا دەکرێت و ئەندامان لە بەرنامەی کار لادەدەن بەبێ ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان رێگرییان لێبکات، ئەمەش دەرەنجامی خراپی دەبێت، بەوەی کە کات بە فیڕۆ دەچێت و پەرلەمان وەك پێویست بەسەر کارەکانی خۆی راناگات و بودجەش بەهەدەر دەدرێت. دانیشتنی زۆر ئەنجام دەدرێت و ئەندامان ماندوو دەبن و تەرکیزیان نامێنێ و بەبێئەوەی هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی هەبێت. بە پێی مادەی (٥٦)ی پەیڕەو سەرۆك دەسەلاتی ئەوەی هەیە ئەندام رابگرێت کە لە تەوەرەی بابەت دەرچوو، بەلام وەك پێویست نەبووە [٣٢]

**سیانزە:** لەگەل رووداوی دەست بەسەرداگرتنی موسل لەلایەن داعشەوە و هاتنەکایەی رووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، ئەندامانی پەرلەمان داوای دانیشتنێکی پەلەی

---

(٣٢) — مادەی (٥٦)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١–ئەندام لەو جێگەیەی کە لێی دانیشتووە، یان لەسەر ئەو سەکۆیەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، قسەکانی خۆی ئاراستەی سەرۆك دەکات و بۆی نیە قسەکانی خۆی یان قسەی ئەندامەکانی تر کە پێش ئەو قسەیان کردووە، دووبارە بکاتەوەو نابێت لە بابەتەکە دەربچێت و ناکرێت لەیەك بابەتدا دوو جار قسە بکات تەنها ئەگەر ئەمەر لەسەرۆك داواکرد، وە لەکاتی پێشێلکردنی ئەمانەدا سەرۆك بۆی هەیە سەرنجی بۆ پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە رابکێشێت.

٢–نابێت بگەڕێنەوە سەر گفتوگۆکردنی ئەو بابەتانەی یەکلایی کراونەتەوە.

نائاساییان کرد، ئەوەبوو دووای (١٩) ڕۆژ لە ڕوداوەکان، لە ٢٠١٤/٦/٢٩ دانیشتنەکە ئەنجامدرا بەلام لەم دانیشتنەشدا هیچ بڕیارێك دەرنەچوو، تا لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠١٤/٧/٢٢) ئنجا بڕیارەکانی تایبەت بە پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆی دەرکرد. [٣٣]

**چواردە:** لەگەل ڕوداوی دەست بەسەرداگرتنی شەنگال و کشانەوەی پێشمەرگە لێی لە ٢٠١٤/٨/٥، دەبوایە پەرلەمان کۆبوونەوەی نائاسایی بکات، هەرچەندە ژمارەی یاسایی ئەندامان داواشیان کردبوو، بەلام دوواخراو لە (٢٠١٤/٨/٢٥)دووای (٢٠) ڕۆژ کۆبوونەوەکە کرا و لەم کۆبوونەوەیەشدا تەنها ڕاسپاردەی دەرکرد.

**پانزە:** سەبارەت بە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان، پەرلەمانی کوردستان وەك بەرزترین دەزگەی یاسایی و شەرعی هەرێم دەبوایە لەکات و ساتی خۆیدا بڕیاری هەبێت، لەسەر پێشمەرگە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، کشانەوەو مانەوەی پێشمەرگە، قەیرانی سوتەمەنی، ریفراندۆم، بارودۆخ و قەیرانی عیراق، کەرکوك و کێلگە نەوتییەکان، جولاندنی هێز، بەلام نەیبوو. [٣٤]

**شانزە:** تا ئێستا لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان وەك پێویست بە ئەدای کاری خۆیان لە چاودێری حکومەت هەڵنەساون و بەدواداچوونی پێویستیان بۆ ئەو پرۆژانە نەکردووە کە بودجەیان بۆ دابینکرابوو لە سالانی ڕابردوو و تا ئێستاش بەردەوامن، هەرچەندە پێویستە دیوانی چاودێری دارایی بەدواداچوون بکات.

**حەڤدە:** ئەو خولی گرێدانەی کە یەکەم جار ئەنجامدرا، ئایا خولی یەکەم بوو یا دووەم؟ دیار نیە. چونکە لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکاندا لەهەندێکیان وەك (خولی گرێدانی دووەم) ناسێنراوەو لەهەندێکیشیان وەك (خولی گرێدانی سالی یەکەم).

**هەژدە:** مەسەلەی ئیمتیازاتی پەرلەمانتاران (موچە و سەیارە و پاسەوان) بەپێی ئەوەی بۆیان دیاریکراوە، جیاوازییەکی زۆری لەگەل وەزیرەکاندا هەیە، ئەمەش کاریگەری خراپی

---

(٣٣) – سەرەتا بڕیار بوو ڕاسپاردە بێت، بەلام دوای ئەوەی لەلایەن هەندێ پەرلەمانتارەوە نارەزایی دەربڕدرا، ڕۆژی دووەم ڕاسپاردەکان کران بە بڕیار. سەبارەت بە دوواکەوتنی بڕیارەکە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێی وایە هیچ مەبەستێك نەبووە جگە لەوەی هۆکار دواکەوتنی ڕاپۆرتی لیژنەی پێشمەرگە بووە کە درەنگ ئامادە کراوە.

(٣٤) – بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٥ ی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوری یە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق.

لەسەر ئەدای کاری پەرلەمانتاران کردووە. نەك هەر ئەمە، راوێژکارانی پەرلەمانیش کە دادەمەزرێن، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئۆتۆمبێلی بۆ دابین کردوون، بەلام بۆ ئەندامان دابین نەکراوە. ئەمەو لە کاتێکدا دەستەی سەرۆکایەتی ئۆتۆمبێلیان بۆ کڕاوە.

**نۆزدە:** بەپێی یاسای ژمارە (١٩)ی سالی ٢٠١٣ دەبێت دەستور هەموار بکرێتەوە، پەیامی سەرۆکی هەرێمیش هەیە دەڵێ خولی ئاییندە (واتە خولی چوار) دەستور هەموار بکاتەوە، کە ئەمە کاری پەرلەمانە، بەلام پەرلەمان تاکو ئێستاشی لەگەلدابێت هیچ هەنگاوێکی نەناوە.

بیست: پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی یەك سالی تەمەنیدا (٣٠) کۆبوونەوەی کردووە. ئەگەر تێکڕای سالەکە وەربگیرێت، هەر (١٢) رۆژ یەك کۆبوونەوەی بەردەکەوێت. ئەگەر لەو رۆژشەوە وەربگیرێت کە لیژنەکان پێکهێنراون، ئەوا هەر (٧) رۆژ یەك کۆبوونەوەی بەردەکەوێت.

**بیست:** لەو (٣٠) کۆبوونەوەیەی پەرلەمان ئەنجامی داون، بە تێکڕا (١١٨) ئەندام لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە نەبوون، (٧٥) ئەندام مۆلەتیان وەرگرتووە و (٤٣) ئەندامەش بێ مۆلەت بەشداریان نەکردووەو نەچوونەتە کۆبوونەوەکانەوە.

**بیست و یەك:** لە ماوەی ئەم سالەدا ئەندامانی پەرلەمان (٢٦٣) پرسیاریان ئاراستەی حکومەت کردووە، لەوانە حکومەت وەلامی (١٤٠) پرسیارەی داوەتەوە، و تا ئێستاش (١٢٣) پرسیار بێ وەلامن و تا ئێستا لەلایەن حکومەتەوە وەلام نەدراونەتەوە. هیچ ئەندامێکیش داوای ئیستجوابی وەزیرەکانی نەکردووە، دیارە وەلامی پرسیارەکان باوەڕ پێکراون لای ئەندامەکان، هەروەها بەدواداچوون بۆ پرسیارە بێ وەلامەکانیش نەکراوە.

**بیست و دوو:** لە ماوەی ئەو سالەی تەمەنی پەرلەماندا تەنها (٢) وەزیر چوونەتە هۆلی پەرلەمانەوە بەمەبەستی گفتوگۆو رونکردنەوە، ئەوانیش (وەزیری سامانە سروشتیەکان) و (وەزیری پەروەردە)ن. ئەمەو لەکاتێکدا جگە لە سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (١٩) وەزیری بە وەزارەت و (٢) وەزیری بێ وەزارەت هەن لەم کابینەیەدا.

**بیست و سێ:** لەخولی چوارەمدا لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا کاتێکی زۆر بە خوێندنەوەی یاداشتی بیرۆکەی ئەندامان بەفیرۆ دەچێت، لەو ماوەیەدا دەیان بیرۆکە لەلایەن ئەندامانەوە سەبارەت بە بابەتی جیاجیا خوێندراونەتەوە و پێشکەشکراون، بەلام بیرۆکەکان جگە لە

خوێندنــەوەی نــاو هــۆڵی پەرلــەمان و بــەردەم راگەیاندنــەکان هــیچ بەدواداچــوونێکیان بــۆ نــەکراوەو نەکراونەتــە نوســراو تــا لــە رێگــەی ســەرۆکایەتی پەرلەمانــەوە بــۆ دەســەلاتی جێبەجێکردن و لایەنە پەیوەندیدارەکان بنێردرێن بەمەبەستی کار لەسەر کردنیان.[٣٥]

**بیست و چـوار:** لـەماوەی ئـەو سـاڵەدا سـەرۆکایەتی پەرلـەمان (٢٤٧) نوسـراوی بـە مەبەسـتی جیاجیا ئاراستەی دەسەلاتی جێبەجێکردن کردووە.

**بیست و پێنج:** لە ماوەی ئەم ساڵەدا لەلایەن فراکسیۆنەکان و ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە (١٠٥) پرۆژە یاساو بڕیاری هەمەجۆر پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کـراون، لەوانـە تـا ئێسـتا (٦١) پـرۆژە خوێندنـەوەی یەکـەمیان بـۆ کـراوە، (٤٤) پـرۆژەش تـا ئێسـتا لای سـەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ماون و نەخراونەتە بەرنامەی کارەوە. کە هەنـدێك لـەم پڕۆژانـە پەیوەنـدییان بە چۆنیەتی باشترکردنی رەوشی ژیانی هاوڵاتیانی هەیە، بەتایبەتیش ژیانی گـەنجان و لاوان و ژنان و کرێکاران.

**بیسـت و شـەش:** لـە کـۆی ئـەو پرۆژانـەی ئاراسـتەی لیژنـەکانی پەرلـەمان کـراون کـە بـە تێکڕایپرۆژەکـان لای سـەرجەم لیژنـەکان، (١٤٣) پـرۆژەن کـە پێویسـتە لیژنـەکان راپۆرتیـان لەسەر بنوسن، بـەلام تـەنها (٢٣) راپـۆرت لـە لایـەن کـۆی لیژنەکانـەوە نوسـراون. واتـە (١٢٠) راپۆرت هێشتا نەنوسراون. ئەمەش سستی و لیژنەکان دەگەیەنێت.

**بیست و حەوت:** لە ماوەی ئەم سالەدا لیژنـەکان (٢٨٩) کۆبوونـەوەیان ئەنجامـداوە. ئەگـەر بـە تێکرا دابەشی سەر لیژنەکانی بکەین، هەر لیژنەیەك (١٣) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە. واتـە بـە دوو هەفتە یەك کۆبوونەوەیان کردووە.

**بیسـت و هەشـت:** لـە مـاوەی ئـەم سـاڵەدا لـە کـۆی (٢١) وەزیـر تـەنها (١١) وەزیـر چـوونەتە پەرلەمان بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەل لیژنەکاندا. ئەوانیش بریتین لە وەزیرانـی:(داراییـ، ئــەوقاف، پێشــمەرگە، نــاوخۆ، خوێنــدنی بــالا، ئاوەدانکردنــەوە، کشــتوکال، کۆمەلایــەتی، تەندروستی، پیشەسازی، پەروەردە)

---

(٣٥) – لەو دەیان بیرۆکەیەی لەلایەن ئەندامانەوە خراونەتە روو و کاتی کۆبوونەوەکانیان پێ بەفیڕۆ دراوە، تەنها دوو ئەندامی پەرلەمان بیرۆکەکانیان بە نوسراو لە رێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆ حکومەت ناردووە.

**بیست و نۆ:** لە کاتی گفتوگۆی پرۆژە یاساکاندا پێویستە و عورفیش وابووە کە وەزیری پەیوەندیدار ئامادە بێت، بەلام تا ئێستا نەکراوە، بۆ نمونە:

لەکاتی گفتوگۆی هەمواری یاسای خۆپیشاندان و درێژکردنەوەی یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆردا دەبوایە وەزیری ناوخۆ ئامادە بێت، لەکاتی پرۆژە یاسای بودجەی حزبەکاندا دەبوایە وەزیری دارایی ئامادە بێت، بەلام نەك هەر وەزیرە پەیوەندیدارەکان، بەلکو وەزیری کاروباری پەرلەمانیش ئامادە نەبوو.

**سی:** دوای ئەوەی نرخی سوتەمەنی گرانکرا و بەنزین بوو بە (٩٠٠) دینار، بە پێی مادەی (٦٨)ی پەیڕەوی ناوخۆ، بە ئیمزای (٤٥) پەرلەمانتار یاداشتێك پێشکەش بە سەرۆکایەتی کراو داوای بانگهێشتی ئەنجومەنی نەوت و گازیان کردبوو، بەلام تاکو ئێستاشی لەگەلدابێت کە چەند مانگێك تێپەڕیوە، ئەو ئەنجومەنە لە دانیشتنی پەرلەمان ئامادە نەبوون.

**سی و یەك:** وەك تێبینی دەکرێت رۆڵی پەرلەمان لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست لەبەرچاو ناگیرێت و لە رووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز دەخرێت، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٥ دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە، بەلام ئەوە نابینرێت.

**سی و دوو:** بێبەرنامەیی بە خوێندنەوەی پرۆژە یاساکانەوە دیارە، پێوەرەکان دیار نین کە چۆن و بۆچی پرۆژە یاسایەك پێش پرۆژەیەکی تر دەخرێت یا بە پێچەوانەوە. بۆ نمونە: (پرۆژە یاسای پێداچوونەوە بە پرۆژەی دەستوری هەرێم) لە ٢٠١٤/٩/١٠ ەوە پێشکەشکراوە بەلام تا ئێستاش خوێندنەوەی بۆ نەکراوە، لەکاتێکدا چەندان پرۆژەی تر دووای ئەویش پێشکەشکراون و خوێندنەوەشیان بۆ کراوە.

## ئەو سیمایانەی ئەم خولەی پەرلەمان لە خولەكانی پێشوو جیادەكاتەوە

١–پەخشكردنی راستەخۆی دانیشتنەكانی پەرلەمان.

٢–ریگەدانی زیاتر بە راگەیاندنكاران بەمەبەستی رومالكردنی دانیشتن و هەوالەكانی پەرلەمان.

٣-كردنەوەی نوسینگەی پەرلەمانی كوردستان لە كەركوك.

٤-دەركردنی دوو بڕیار سەبارەت بە پشتگیری كوردانی رۆژئاواو ناردنی كۆمەكی سەربازی و هێزی پێشمەرگە بۆ پشتیوانیان كە ئەمە یەكەمجارە پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بە پرسێكی نەتەوەیی دەرەوەی هەرێم بڕیارێك دەربكات..

٥-نەرمی نواندنی زیاد لەحەددی سەرۆكایەتی لە دانیشتنەكاندا، كە ئەمەش بەپێچەوانەوە كاریگەری نەرێنی لەسەر دانیشتنەكان هەیەو دەبێتە مایەی درێژدادڕی و كوشتنی كات كە وەك پێویست بەسەر كارەكاندا راناگەن.

# پێشنیار و راسپاردەکان:

١- کلیلی چارەسەر بۆ ئەکتیف بوونی پەرلەمانی کوردستان، هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە.

٢- تێپەڕاندنی دۆخی هەڵبژاردن و کارکردن بە دەستە جەمعی، هەمووفراکسیۆنەکان بەشدارن لە حکومەت و کەسیش ناتوانێ بەتەنها کار بکات و پێویستیان بە یەکتری هەیە.

٣- فراکسیۆنەکان لەخۆبوردووانەتر کار بکەن و بەرژەوەندییە حزبیەکانیان بخەنە لاوە.

٤- سەرۆکایەتی پەرلەمان پابەند بێت بە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە.

٥- سەرۆکی پەرلەمان دانیشتنەکانی پەرلەمان باشتر زەبت بکات.

٦- پەرلەمان خول بۆ فراکسیۆنەکان و ئەندامان بکاتەوە بەمەبەستی شارەزابوونی زیاتر لە پێشکەشکردنی پرۆژە یاسا.

٧- پەرلەمان زیاتر چاودێری ئیش و کارەکانی حکومەت بکات.

٨- لیژنەکانی پەرلەمان بە ئەرکی خۆیان هەڵسن لە نوسینەوەی راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا.

٩- سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشی راگەیاندن و بەتایبەت (سایتی پەرلەمان) ئەکتیف تر بکات و یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی لەسەر دابەزێنێت.

١٠- پێویستە لەکاتی گفتوگۆی پرۆژەیاساکاندا وەزیری پەیوەندیدار ئامادە بێت.

## پاشکۆ ( ١ )

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی نەتەوایەتیەوە

| ژ | نەتەوە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | کورد | ١٠٠ |
| ٢ | تورکمان | ٥ |
| ٣ | کلدانی سریانی ئاشووری | ٥ |
| ٤ | ئەرمەنی | ١ |
| کۆی گشتی | | ١١١ |

## پاشکۆی ( ٢ )

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی تێکڕای تەمەنی ئەندامانەوە

| ژمارە | مێژووی لەدایکبوون | ژمارە |
|---|---|---|
| ١- | ١٩٤٠-١٩٤٩ | ١ |
| ٢- | ١٩٥٠-١٩٥٩ | ٨ |
| ٣- | ١٩٦٠-١٩٦٩ | ٣٢ |
| ٤- | ١٩٧٠-١٩٧٩ | ٥٦ |
| ٥- | ١٩٨٠-١٩٨٦ | ١٤ |
| کۆی گشتی | | ١١١ |

## پاشکۆ (٣)

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی ژمارەو ئەندامانی فراکسیۆنەکانەوە

| ز | فراکسیۆن | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ١- لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٨ |
| ٢ | ٢- لیستی گۆران | ٢٤ |
| ٣ | ٣- لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٨ |
| ٤ | ٤- لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠ |
| ٥ | ٥- لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦ |
| ٦ | ٦- لیستی رافیدەین | ٢ |
| ٧ | ٧- لیستی پێشکەوتنی تورکمان | ٢ |
| ٨ | ٨- لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | ٢ |
| ٩ | ٩- لیستی بەرەی تورکمانی | ١ |
| ١٠ | ١٠- لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ١ |
| ١١ | ١١- لیستی هەولێری تورکمانی | ١ |
|  | ١٢- لیستی ئاراستەی سێیەم | ١ |
|  | ١٣- لیستی ئەرمەن | ١ |
|  | ١٤- لیستی ئەبنا ئەلنەهرەین | ١ |
|  | ١٥- لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ |
|  | ١٦- لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ١ |
|  | ١٧- لیستی ئازادی | ١ |
| کۆی گشتی | | ١١١ |

## پاشکۆی ژمارە (٤)

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی رەگەزی ژن و پیاوەوە

| ژمارە | ژمارەی ئەندامانی پیاوو ژن | ژمارەی پەرلەماتاران | رێژەیی |
|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەندامانی پیاو | ٧٧ | ٪٦٩,٤ |
| ٢ | ژمارەی ئەندامانی ژن | ٣٤ | ٪٣٠,٦ |
| کۆی گشتی | | ١١١ | ٪١٠٠ |

## پاشکۆ (٥)

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە لایەنی ئاستی خوێندن و بڕوانامەوە

| ژ | بڕوانامە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | دکتۆرا | ١٩ |
| ٢ | ماجستێر | ١١ |
| ٣ | بەکالۆریۆس | ٥٢ |
| ٤ | دبلۆم | ١١ |
| ٥ | ئامادەیی | ١١ |
| ٦ | ناوەندی | ٧ |
| کۆی گشتی | | ١١١ |

## پاشکۆ (٦)

## پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان لە رووی ئایینیەوە

| ژ | ئایین | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | موسڵمان | ١٠٤ |
| ٢ | مەسیحی | ٦ |
| ٣ | ئێزیدی | ١ |
| کۆی گشتی | | ١١١ |